## ئالان عومەر:

# هونەرمەند پشتیوان و واستەی نەبێت کارەکانی دەوەستن

دیمانە/ خەلیل بلەی



■ **خانمە هونەرمەند ئالان عومەر، چەند ساڵێکە کوردستانی جێهێشتووە و لەوڵاتی سوید نیشتەجێیە، دەرچووی پەیمانگای پزیشکییە بەشی سڕکردن، ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ تیپی هونەری مۆسیقای هەولێر دەستی بەکاری هونەریی کردووە و یەکەم گۆرانی بەناوی «مەرزان»ە کە بەرهەمێکی فۆلکلۆرە، ئێستا خاوەنی پێنج ئەلبوومی بڵاوکراوەیە، لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کە هاتۆتە نێو بواری گۆرانی ئالان عومەر یەکێکە لەو دەنگە دیارانەی کە ماوەیەکی زۆرە لەبواری هونەری گۆرانیدا کار دەکات و وەك ژنە هونەرمەندێك جێ پەنجەی دیاری هەبووە.■**

***دوایین کاری هونەریت چییە؟**

-ئێستا پرۆڤەی چەند بەرهەمێکی تازە دەکەم، کە لەشێوازی وتن و ستایل جیاوازە لەکارەکانی ترم، یەکێک لەو بەرهەمانە بۆ کەرکوکە، لەو بەرهەمەدا هەوڵم داوە ئەو خۆشەویستییەی خەڵکی کەرکوک هەیان بووە بۆ شارەکەیان، کە وێڕای هەرچی زوڵم و زۆر و هەوڵی ناچارکردنیان بۆ جێهێشتنی شارەکەیان، ئەوان لەو شارە ماونەتەوەو جێیان نەهێشتووە، منیش لەڕێی ئەم بەرهەمەوە بەزمانی عاشقانە و بەناسکی هونەر و ژن بوون، ئەم هەڵوێست و خۆشویستنەیان زیاتر بەبیردێنمەوە، چونکە ئێستاش هەمان هەوڵی ناچارکردنیان بەردەوامی پێدەدرێت و ئەوانیش خۆڕاگرانە باوەشیان بەشارەکەیاندا کردووە.

*** تا چەند توانیوتە خۆت لەگەڵ ژیانی ئەوروپادا بگونجێنی؟**

-سەرەتا کەهاتمە سوید هەموو شت سەخت بوو بۆ من، چونکە لەنەریتێکی جیاواز و وڵاتێکی جیاوازەوە هاتبووم، کاتێک ئینسان بەسەفەر دەچێتە وڵاتێک وەک پێویست ئاشنا نابێت بەو جیاوازییانە، بەڵام کاتێک لەوێ دەست بەژیان دەکەیت وردە وردە جیاوازییەکان دەردەکەون، من زمانی سویدیشم نەدەزانی بۆیە سەخت بوو سەرەتا، چونکە زمان کلیلی تێکەڵبوونتە بەکۆمەڵگەیەکی تازە، فێربوونی زمان زۆر گرنگە، چونکە زمان نهێنی کۆدە جیاوازەکانت بۆ ئاشکرا ئەکات، ئاسانکاریت بۆ دەکات لەتێگەشتنیان، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم بەهۆی ئەوەی ئەم ماوەیەی کەلێرەم بەردەوام بۆ زمان خوێندومە، لەئاستێکی باشدام و توانیومە خۆگونجانێک دروست بکەم.

*** وەك ئافرەت دیارترین ئاستەنگ چییە کە دێتە سەر ڕێگات؟**

-نازانم وەک ئافرەت لەکام ڕووەوە دەڵێی، ئەگەر مەبەستت ئافرەت بێت بەگشتی، ئەوە دەبێت ژیان بکەمە دوو بەش لەباسکردنی، ژیان لەکوردستان و ژیان لەئەوروپا.

بۆ نموونە، ئەوکاتی کە لەکوردستان بووم وەک ئافرەتێک لەدەرەوەی هونەر هەموو شت ئاسان نەبووە بۆم، وەک ئەوەی ئافرەت لەدەرەوەی فەرمانگە حکومییەکان دەرفەتی کاری کەمتری بۆ ئەگونجێت، ئاسان نییە ئافرەتێک بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێت و ژیان بەتەنیا دروست بکات، زۆر ڕێگری تر کە منیش بەشێک بووم لەو ئافرەتانە و بەشی خۆم ناخۆشیم بەرکەوتووە.

ئێستاش لەئەوروپا شتەکان پێچەوانەن، دەرفەتی کار هەمان دەرفەتە کە بۆ پیاوان هەیە، مەگەر ڕێژەیەکی کەم جیاوازی هەبێت، ژن ئەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بۆخۆی بژی و وەک خۆی بیربکاتەوە، لێرەش لەم ئاسانکارییانە وەک ژنێک لێی بەهرەمەندم.

لەباری هونەریشەوە پێموایە جیاوازی لەنێوان ئافرەت و پیاو نییە، ئەو هونەرمەندی پشتیوان و واستەی نەبێت دەبێت کارەکانی بوەستن، و زۆر سەختە هونەرمەند بتوانێ ئەو خەرجییە زۆرەی هونەر لەسەر حسابی خۆی دابین بکات، خۆتان باشتر دەزانن لەکوردستان حکومەت گرنگی زۆر بەهونەر دەدات، بەڵام تەنیا ئەوانە لەو گرنگییە بەهرەمەندن، کە واستەیان هەیەو دەستیان پێی ئەگات، ئەوان لەسایەی ئەو گرنگییەی حکومەت ڕەنگە بتوانن ساڵانە دوو



ئەلبومیش بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەوانەی دەستیان پێی ناگات و بێ واستەن ئەوە زۆر بەسەختی ئەتوانن چەند کارێکیش بکەن.

*** ئەی لەڕووی هونەرییەوە بواری پێشکەوتنی هونەرمەندێکی ئافرەت لەئەوروپا چۆنە؟**

-لێرە هەموو دەرگاکان کراوەن، دەتوانی کۆرسات وەربگریت بۆ ئەوبوارەی دەتەوێ تێیدا پێشبکەویت، بۆ هونەرمەندانی خۆیان بێگومان هەرچی ئاسانکارییە هەیە، چونکە لێرە هەرچی شتە لەسەر سکەی خۆی بەڕێوەدەچێت و گرنگی خۆیی هەیە، بەڵام ئەمە شمولی هونەرمەندی کورد ناکات، بۆ؟ چونکە ئێمە لێرەین لەئەوروپا و هونەر بۆ ئەوێ ئەکەین بۆ کوردستان، با خۆشمان پێشبخەین، چی واتایەکی جوانتر بەهونەرەکەمان ئەدات، ئاخر خۆ هونەر تەنیا پێشکەوتن نایکات، با من بتوانم تا ئەوپەڕی پێشکەوتنی هونەر بڕۆم لەعیلم و خوێندن و خۆ فێرکردن، کە توانای مادی بەرهەمهێنانم نەبوو ئەتوانم چی بکەم؟، ئاخر خۆ ئێمە ئەگەر لەئەوروپاشین، هونەر بۆ کوردستان دەکەین، ئەو ئاسانکاری و داهاتەی بۆ هونەرمەندێکی ئەورپی هەیە بۆ ئێمە نییە، با لەئەوروپاش بین و با بووبینە هاووڵاتی وڵاتێکی ئەوروپیش، چونکە ئێمە بەکوردی هونەر دەکەین و خزمەتی هونەری کوردی ئەکەین، بۆیە ئەو نا دادییەی کە لەپشتگیری هونەردا لەکوردستان هەیە وا دەکات، هونەرمەندی کورد دەستەوەسان بکات، وا دەکات زانایەك لەهونەردا بکاتە نەزان و نەزانێک بکاتە زانا.

*** لەئەوروپا بوار هەبووە لەڕووی ئەکادیمییەوە زیاتر لەهونەر بخوێنی؟ چی لەئەوروپا سەرنجی زۆر ڕاکێشای؟**

-تا ئێستا ئەم ماوەیەی کە لەئەوروپام خەریکی خۆ فێرکردن و خوێندن بووم بۆ زمانی سویدی، بۆیە بەداخەوە ئەو دەرفەتەم بۆ نەهاتۆتەپێش کە لەبواری زانستی هونەردا بخوێنم، بەڵام وەک وتم لێرە ئاسانکاری زۆرە و لەپرۆژەمدایە لەو بوارەدا خۆم قاڵ بکەمەوە، ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجمە میهرەبانی و بەخشندەیی خەڵکی ئەم وڵاتەیە، بەتایبەت لەگەڵ منداڵ و پیرەکان، زۆر سەرسامم بەسیستەمی وڵاتەکەیان و پێشکەوتنیان.

*** بیری چ شتێکی کوردستان دەکەی؟**

- بیری هەموو شتێکی کوردستان ئەکەم بەجوانی و ناشیرینیەکانیەوە، ڕەنگە بپرسن کە بیری دەکەی بۆ جێت هێشت؟ بێگومان جێهێشتنی کوردستان بۆ من و هەر کوردێک بەشێک بووە لەناچاری، بەتایبەتی بۆ من وەک هونەرمەندێک ناچاری بووە، ئەگەرنا ئینسان لەناو خەڵکی خۆیدا بێت باشتر لەخەڵک دەگات و دەزانێ هەستەکانیان چییە و ڕوونتر و نزیکتر لەرۆحیان ئەتوانێ گۆرانی بڵێت، بیری هاورێکانم و بیری کەسو کارم دەکەم، بیری کوردستان ئەکەم بەگشتی.

# شیریل
# مردنم بەچاوی خۆم دیت

ئەستێرەی بەریتانی شیریل کۆل بەکاتێکی زۆر ناخۆشدا تێپەڕی لەسەر فڕۆکە تایبەتییەکەی و وەك خۆی دەڵێت پێیوابێ ئیدی تەواو کەس بەزیندوویی نایبینێتەوە و ئەمە دوایین گەشتیەتی.

شیریل بەڕۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی ڕاگەیاند لەفڕۆکەخانەی فرانکفۆرت بووین کەشوهەوا زۆر ناخۆش بوو و بەر لەوە فڕۆکەکەم بفڕێت با و زریانێك هەڵیکرد کە ڕێگای نەدا فڕۆکەکە بفڕێت لەهەمان کاتدا هەورە تریشقەیەك بەچەند مەترێك لەدوور ئێمە لەستوونێکیدا و خستیە خوارەوە، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێیەکی لای من دروستکرد کە خەریك بوو لەترسان بمرم.

شیریل هەروەها دەڵێ: لەبەر نالەباری کەشوهەوا ئێمە گیرمان خوارد و چەند هەورە تریشقەیەك لەدەرەوە لەنزیك فڕۆکەکەی دەدا، من زۆر ترسام و لەدڵی خۆم وتم ئیتر تەواو ئەمە کۆتایی منە، کاتێکیش فڕۆکەکە فڕی من زیاتر ترسام لەوەی کە هەورە تریشقەیەك بەر فڕۆکەکەمان بکەوێت، بەڵام ئەوەم بیر هاتەوە کە کاتی لەچیای کلیمنجارۆ سەرکەوتووم ئەمەش هەر وەکو ئەو زەحمەتە، ئەم بیر کردنەوەیە هێزێکی زیاتر پێ بەخشیم.



# ڤینای پاکستانی بەرگری لەخۆی دەکات




موفتی پاکستان هێرشێکی توندی کردە سەر خانمە هونەرمەندی پاکستانی ڤینا مەلیك و بەو هونەرمەندانەی وەسف کرد کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی بێ ڕەوشتی دەکەن لەنێو گەنجانی پاکستان. لەبەرامبەر ئەمەدا ڤینا لەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی پاکستانیدا وەڵامی موفتی دایەوە و بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری (بکرا) ڤینا دەڵێ: ویژدانم ئازارم نادات، چونکە هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، من تەنیا هونەرمەندێکم و ئەگەر هەر شتێکی دژی یاسام کردبێت جا یاسای ئیسلامی بێت یان یاسای دەوڵەت ئەو کات دەتوانن سزام بدەن بەگوێرەی کارەکەم، بەڵام پێدەچێت موفتی زۆر بیری لەقسەکانی نەکردبێتەوە بەر لەوە من تاوانبار بکات بۆیە پێویستە زیاتر لەقسەکانی ورد بێتەوە.

هاوکات موفتی پاکستان وەڵامی ئەم وتانەی ڤینای دایەوە و وتی: ئەگەر ویژدانی ڤینا ئازاری نەدابێت هیوادارم بەئاگا بێتەوە، چونکە پاکستانیەکان ناتوانن سەیری وێنەکانی بکەن لەبەردەم منداڵەکانیان.

# جینی مەکارتی: ئاساییە کوڕەکەم هەموو وێنەکانم ببینێ

خانمە ئەکتەری ئەمریکی جینی مەکارتی ڕایگەیاند کە وێنە ڕووتەکانی لەسەر بەرگی گۆڤاری (پلای بۆی) زۆر جوانترە لەوێنەی هەندێ کەس جلوبەرگیان پۆشیوە. مەکارتی پێیوایە زۆر ئاساییە ئەگەر کوڕەکەی وێنە ڕووتەکانی ببینێت، چونکە هەندێك شت ڕوودەدەن زۆر لەم وێنانە خراپتر و ئابڕووبەرانترن، لەبەر ئەوەی خۆ ڕووتکردنەوەی ئێستا شتێکی ئاسایی و باوە لەکۆمەڵگەدا، جینی لەم بارەیەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی دیاردەکە زۆر ئاساییە من هیچ ترسێکم لەوە نییە کە کوڕە تەمەن ١٠ ساڵانەکەم وێنە ڕووتەکانم ببینێت. جینی کە دایکی کوڕێکە بەر لەماوەیەك ڕایگەیاندبوو کە حەز دەکات جارێکی دیکە لەسەر بەرگی گۆڤاری پلای بۆی دەربکەوێت، هەروەها لەبارەی نەبوونی ترسی لەوەی کە کوڕەکەی وێنەکانی ببینێت دەڵێت: زۆر شتی لەوێنە ڕووتەکانم خراپتر لەسەر ئینتەرنێت بەئاسانی دەست دەکەوێت و کوڕەکەم و هەموو کەسێك دەتوانن بیبینن.



# نەوال زوغبی دان بەهەڵەکەی خۆی دەنێت



خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەوال زوغبی ڕایگەیاند زۆر جار دوورکەوتنەوە لەڕاگەیاندنەکان زیان بەهونەرمەند دەگەیەنێت، هەرچەندە هەندێك لەهونەرمەندان پێیانوایە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە.

سەبارەت بەئەزموونی خۆی لەم بارەیەوە نەوال دەڵێ: من کاتێك بڕیارمدا لەڕاگەیاندن دوور بکەومەوە بۆ ماوەیەك، بەڵام زۆری نەبرد کە بەهەموو شـێوەیەك پڕوپاگەندەی جیاجیا دژی من کرا کە زۆر لەڕاسـتییەوە دوور بوو و ناچار بووم بۆ بەرگری کردن لەخۆم و ڕاسـتکردنەوەی شـتەکان پەنا بۆ ڕاگەیاندن بەرم، بەڵام ڕاگەیاندنێك کە من بە(شەریف)ی ناو دەبەم.

سـەبارەت بەهۆکارەکانی دوورکەوتنەوەشـی نەوال دەڵێ: بارودۆخی تایبەتی خۆم یەکێك لەهۆکارەکان بوو، چونکە زۆر پرسـیاری نەشتەرگەری جوانکاری و منداڵەکانم لێدەکرا، تەنانەت باسی ئەوەش کرا منداڵەکانم تەندروسـتییان زۆر خراپە، ئەمەش زۆر بێزاری کردم، چونکە هیچ پێوەندی بەهونەرەوە نەبوو، سـەبارەت بەنەشـتەرگەری جوانکاریش لای من زۆر ئاسـاییە، چونکە هەموو کەسێك ئازادە چیدەکات و چی نـاکات و ڕۆژانە هـەزاران کەس ئەنجامی دەدەن، من خۆم یەکێکم لەوانەی لەتەمەنی ١٦ سـاڵیدا نەشـتەرگەری جوانکاری لوتم کردووە و زۆریش بەلامەوە ئاساییە، چونکە باری تەندروستیم تەواو نەبوو و زۆریش پێویسـتم بەنەشـتەرگەری لوت هەبوو و لەسـەر ڕاسـپاردەی پزیشکی تایبەت ئەنجامداوە، بەڵام نازانم بۆچی هەندێك لەمیدیاکان کە باسـی نەشـتەرگەری لوتم دەکەن وەکو خۆی باسی ناکەن تەنیا دەڵێن: نەوال نەشتەرگەری ئەنجامداوە.

# سپایس گێرلز بۆ فرۆشتنن

ئەستێرەکانی تیپی (سپایس گێرلز)ی مۆسیقی کۆمەڵێك کەلوپەلی کۆنی خۆیان بۆ فرۆشـتن نمایش کرد و داهاتەکەشیان پێشـکەش بەدوو کۆمەڵەی خێرخوازی تایبـەت بەمنداڵان دەکەن. هەر یەکە لەڤیکتۆریا بێکهـام و جیری هالویل و ئیما پانتـۆن و میل بی و میل سـی بەشـێکی کەلوپەلی سـەردەمی زێڕینی تیپی (سـپایس گێرلز)یان بۆ فرۆشـتن نمایش کرد، ئەم کەلوپەلانە بۆ سـاڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کاتێك تیپی سـپایس گێرلز لەلوتکەدا بوو، هەروەها کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جەماوەری هونەری جێهێشت بوو لەسەرتاسـەری جیهان، ئـەم کارەی هونەرمەندە ناوبـراوەکان هاوکاتە لەگەڵ نمایشکردنی شانۆگەرییەکی گۆرانی ئامێز تایبەت بەکاروانی هونەری تیپەکە.

ڤیکتۆریا بێکهام لەم بارەیەوە دەڵێ: تا ئێسـتا هەموو جلوبەرگ و کەلوپەلەکانم مـاوە، چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە کچەکەم گـەورە بێت و هەندێکیان بۆ خۆی ببات، بەڵام ئەوانی تر دەیبەخشـمە دوو کۆمەڵەی خێرخواز کە تایبەتن بەپاراستنی منداڵان بەناوی (منداڵان ڕزگار بکەن و منداڵە بێ سەرپەرشتەکان).




### ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# هـــــــەر مەملەکەتی کۆڵانەکەمان

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت

دراوسێی دەستە چەپمان ماڵی کاك (رەسول-ی عەلاف)بوو، کەپێشتر ماڵیاننزیکی گەرماوی (سورەت) بوو، بەرامبەر مەیدانی کافرۆشان بوو، بۆیە بەو گەرماوەیان دەگووت (گەرماوی سورەت) چونکە هونەرمەندی شێوەکاری پێشڕەو (حەسەن فەلاح) دیوارەکانی بە چەشنەها تابلۆی ڕەنگین ڕازاندبووەوە کە زۆربەی بابەتەکانیان حەقایەتە دێرینەکانی وەك ڕۆستەم و سهراب و سروشتی دەنواند، هاتنی ئەم خێزانە بۆ گەڕەکەکەمان مایەی گوشادی هەمووان بوو، خێزانێك لێوان لێوی ڕەوشت بەرزی کوردانە.
دڵسۆز و دراوسێ دۆست، پێنج خوشك و دوو کوڕیان هەبوو، هەر هەموویان پەرۆشی خەبات و خوێندنەوە بوون، ماڵەکەیان پڕی کتێب و حەوشەیان ڕێحانە و گوڵ، یەکێ لەو کیژانەیان (دکتۆر شوکریە ڕەسول) بوو، لەگەڵ (سەبریە خان) کە مامۆستا بوو لە جوانکاری و دەست ڕەنگینی دا، کوڕەکانیش کاکە (حەمە شوان) و کاکە (تەها) کە هەردووکیان لەتەمەنێکی هەرزەکارییەوە پەرۆشی (مارکسیزم و لینینیزم) بوون.
لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا بەجوانی دەهاتنە گۆ و دەبینران. (شوکرییە خان)یش



ئەو دەمانە کە لەناوەندی بوو شـــیعری دەنووســـی و دەســـتی ئەدەبیاتی هەبوو لـــە کۆڵانەکەماندا و بەڕێزی دەســـتە ڕاستماندا، گەراجی کارگێڕی ناوخۆیی موتەســـەریفیەت هەبـــوو، لەشـــانییەوە خانـــەی پەککەوتوان هەبوو، کە معاونی خانەنشین(عارف قابرەش)ی باوکی کاکە (هەڵگـــورد)ی وەرزشـــوان بەڕێوەبەری بوو.

ئەو شوێنە سەربووردەی هەزار و یەك جـــۆرەی لەخۆ گرتبوو، ئەو ڕۆژەم چاك لەیـــادە کە ڕۆژی (چواردەی) گەلاوێژی ســـاڵی (١٩٥٨) بوو، وا ڕێکەوت لـــەو ڕۆژەدا دەبوو لەبەیانی زووەوە باوکم و دوو ئەندام لیژنەی خەملاندنی باجی زەوی کشتوکاڵی بەرەو ناوچەی ســـورداش بڕۆن، لە پێشەوە لەگوندی (پیسکەندی) لایاندا و منیـــش حەزم دەکرد ئەو گوندانـــە ببینم. لەماڵی کوێخای گونـــد دابەزین و هەمووان لـــەدەوری ڕادیۆکەیان گردببووینـــەوە، پاش بەخێرهاتنی گەرم و گوڕ، هەواڵەکەمان زانی کە لەبەغدا ڕژێمی پاشایەتی لەناو براوە و عێراق بۆتە کۆمـــاری. هەمووان دەیانگوت لەبەغـــدا هەرایە و هەر زوو باوکم و هاوەڵانی ویســـتیان زوو بگەڕێنەوە بۆ شـــار، پاش ئـــەوەی کارەکەیان ئەنجامدا و، ئەو باجەش کە دەیاننووســـی بەناو باج بوو، خوانەخواســـتە وەك باجی ئێســـتا نەبوو، خانە خوێیەکە ئیســـتەرەمان لەســـەر قاوەڵتی کردن کرد و خوانیان ڕازاندەوە، بەڵام چونکە شـــیوەکەیان پوخت بەڕۆنی جافەکی سازکردبوو، تۆزێك قورس بوو، داوای یەك دوو سەلك پیاز کرا بۆ ئەوەی کەمێك سووکی بکات.

گەڕاینەوە سلێمانی و هەر کە گەیشتینە ئاستی کۆڵانەکەمان، بینیمان چی کەســـانی ناو خانـــەی پەککەوتووانە لەبەردەم دەرگاکەیاندا هەرایانە و کورســـییەکەی بەڕێوەبەریـــان داناوە و یـــەك دووانێکیان بەدار گســـك و خاکەناسەوە سەرکەوتوون و خەریکی فڕێدانە خـــوارەوەی تابلۆی خانەکەن، کەبەزمانی عەرەبی لەســـەری نوسرابوو، ساڵی ئەوەندە بەبۆنەی چەژنی لەدایك بوونی شـــاژن(عالیە)ی دایکی (فەیسەڵ پاشای دووەم)ـەوە بونیاد نراوە، هاوار هاواریان بوو: ئـــادەی بەقوربانە، دایگـــرن فڕێیـــدەن، بیخەنە ژێـــر پێوە، ئەوە حاڵیان بوو، بـــەڵام ئەوەندەی نەبرد لەســـایەی ڕۆژانی شۆڕشی گەلاوێژدا خانەی بەساڵاچووان داخرا ئەوانەش بەرەڵای ســـەر شـــەقامەکان کران و دوکەڵی مێشـــەکەش بـــاوی نەما و ئیدی هەزار بەیت و بالۆرە داهات و شوێنەکەشیان کرا بە (ئینزیباتخانە)، ســـزاو ئەشـــکەنجەی هاووڵاتیانی تیـــادا دەدرا و کەس نەیدەوێرا بەلایدا ڕابـــورێ، ئەو هـــەوارەی کە جاران منداڵانـــی گەڕەك بـــەڕۆژ یاریمان لێ دەکرد و شەوانەش چاوشارکێ و جاروبارەش شـــەڕە گەڕەك و بەیەك دەنگ دەمانگوتەوە :((وەرنە دەرێ منداڵانی گەڕەك، سەر بنە خەڕەك.. مناڵانی گەڕەك وەرنە دەرێ بۆ شەڕە گەڕەك)) ئەوە زۆر جار کە باسی یادەوەرییەکانی منداڵی بکرایـــە، یەکێ لەو یادانەی باوکـــم بۆی دەگێڕاینەوە شـــەڕە گەڕەکی کوڕ و کاڵانی ئەو ســـەردەمانە بوو، دەیگووت: شەڕە گەڕەکیش وادە و وەرزی خۆی هەبوو، ئێمە کوڕانی گـــەڕەك، گەڕەکی بەرخانەقای مەولانا خالیدی سەرشـــەقام، شانازیمان بەوەوە دەکرد کە بەسەر و گوێلاکی شکاوەوە کوڕانی فلانە گەڕەکمان ناردەوە، یەکێ لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم(مەلای کوردە) بوو واتە باوکی کاکە(عوســـمان و شەوکەت و ڕەفعەت...) کـــە لە منداڵیدا بەهۆی نەخۆشـــی ئاوڵـــەوە بینایی لەدەســـت دابوو پاشـــان خرابووە بەر خوێندنی قورئانی پیـــرۆز و قورئـــان خوێندن بووە پیشـــەی، بەنابینایی پێشمان دەکەوت و کەشـــەڕ گەرم دەبوو کوڕم دەویست لەبەر هەڵسوڕانی گۆچانەکەیدا خۆی بگرتایە، بەڵام هەندێ جار ئێمە هەموومان هەڵدەهاتین و ئەو بەتەنیا جێ دەماو بە گەڕەکە منداڵێ تێی بەردەبوون و ئیدی بۆ ماوەیـــەك لێمان نیگەران دەبوو، بەڵام هەر ئەوەنـــدە بڕی دەکرد تا شەڕە گەڕەکێکی نوێ بەرپا دەبوو، بەدەنگە بەرز و خۆشەکەی جۆشی دەدایـــن و هەڵمەتی دەبرد، ئای کە تیامان هەبوو هێلکە و ڕۆنی لەپای سەرشکاندندا خواردبوو، چونکە وا باو بوو لەباتی لێدان و سەرزەنشتی سەر شکێنەر تاوەیەك هێلکە و ڕۆنیان لەلایەن ماڵی کوڕە سەرشکاوەکەوە خەڵات دەکرد، ئەویـــش بەوپەڕی ئیشـــتیهاوە دەیخوارد و ببڕای ببڕ مێش میوانی نەدەبوو...

**ئەوەندەی نەبرد لەسایەی ڕۆژانی شۆڕشی گەلاوێژدا خانەی بەساڵاچووان داخرا ئەوانەش بەرەڵای سەر شەقامەکان کران و دوکەڵی مێشەکەش باوی نەما و ئیدی هەزار بەیت و بالۆرە داهات و شوێنەکەشیان کرا بە (ئینزیباتخانە)**

**ئەو ڕۆژەم چاك لەیادە کە ڕۆژی (چواردەی) گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨) بوو، وا ڕێکەوت لەو ڕۆژەدا دەبوو لەبەیانی زووەوە باوکم و دوو ئەندام لیژنەی خەملاندنی باجی زەوی کشتوکاڵی بەرەو ناوچەی سورداش بڕۆن**